

هەمیشە پێیدەگوت ئاژەڵی ماڵی..

# بارترا لە رقی پیکێ لە بارسا رۆیشت

رووداوی وەرزشی - CNBC

سەچاوەیەکی نزیک لە یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی هـۆکاری راستـەقینەی رۆیشـتنی مـارک بارتـرای بەرگریکاری ئیسپانی لە یانەکە بەرەو یانەی بوروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی ئاشـکرا دەکات و دەڵێت «بارترا تەنیا لە رقی جیرارد پیکێ لە بارسا رۆیشتووە».
هەرچەنـدە دەزگاکانی راگەیاندن باس لەوە دەکەن کە بارترا بەهۆی بێئومێدبوون لەوەی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی بارسادا بکاتەوە، بڕیاری رۆیشتنی داوە، بەڵام ئەو سـەرچاوەیە ئەو هۆکارە بە نادروست دەزانێت و نهێنی راستەقینەی رۆیشتنی بارترا ئاشکرا دەکات و دەڵێـت «بارترا بێـزار ببوو لەو مامەڵەیەی پیکـێ بـەردەوام لەگەڵیدا دەکرد، بۆیـە بڕیاریدا لەو رابکات».
سـەرچاوەکەی ناو ماڵی یانە کەتالۆنییەکە، ئاماژە بـۆ ئەوە دەکات، کـە پەیوەندی نێوان پیکێ و بارترا زۆر خـراپ بـوو، لەناو یاریگەو تەنانـەت لە دەرەوەی یاریگەشـدا، ئەویش بەهـۆی بێڕێزیکردنی بەردەوامی پێکـی بـوو بـە بارتـرا و دەڵێـت «تەنانـەت پیکێ هەمووجارێ لە ژووری جلگۆڕین و لە کاتی مەشقەکاندا لەبەرچـاوی هەمـوو هاوڕێکانی، بارترای بـە ئاژەڵی ماڵـی ناودەبرد، تەنانـەت جارێکیان لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیشـدا ئەو قسـەیەی کـردووە، ئەمەش بارترای بێزارکردبوو، کە خۆی کوڕێکی هێمن و لەسـەرخۆیەو حەز بە کێشەو گرفت ناکات، بۆیە وەڵامی پیکێی نەدەدایـەوە تاوەکو دواجار بڕیاریدا لەدەست پیکێ رابکات».


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (403) سێشەممە 2016/6/7 17ی جۆزەردان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


رۆیشتن و مانەوەی لویس ئێنریکی بەدەست مێسییە..

# پیپ - لیۆ = هیچ



"هاندەرانی مان سیتی متمانەیان بە گواردیۆلا کەمە"

3

لە کۆپا ئەمریکا سزای جنێودان پەناڵتییە 3

کوڕە کوردەکە لە رەمەزاندا بە رۆژوو نابێت..

"عومەرەی ئۆزێل فێڵێکی رێکلامییە" 4

# داعش زۆرترین رقی لەدژی هاندەرانی ئینگلیزە

3



## داخوازی زۆرە

یونس شوکر، گۆڵکاری یانەی گازی باکوور بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند هەر لە ئێستاوە لە 2 یانەی عێراقەوە گرێبەستی بۆ هاتووە، بەڵام هێشتا هیچ بڕیارێکی نەداوەو گوتی «دوو گرێبەستم لە هەریەک لە یانەکانی نەفتی باشوور و کارەبا پێشکەشکراوە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی عێراق، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامێکی پوختم بۆ ئەو یانانە نەبووە، چونکە من ئێستا سەرقاڵم لەگەڵ یانەی گازی باکوور، لە خولی پاڵاوتنی پلە یەکی عێراقی، دەمانەوێ چۆن یانەکەمان گەیاندەوە خولی نایابی کوردستان، بیگەیەنینەوە خولی نایابی عێراقیش».

یاریگەی رواندز..

# سەردەمێک لەوەڕگەی ئـاژەڵان و ئێستاش پـەناگـەی ئاوارەكـان

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداوی وەرزشی - رواندز**

پرۆژەی دروستکردنی یاریگەی نێودەوڵەتی رواندز لە ساڵی 2005 کەوتە واری جێبەجێکردنەوەو لە 2007 تەواوکرا، بەڵام ئێستا ئەو یاریگەیە بێئەوەی تەنیا یاریەکیشی تێدا ئەنجام بدرێت، بووەتە کەلاوە. لایەنی پەیوەندیدار و وەرزشوانانی شارەکەش، وەزارەتی ئیشغال و بەڵێندەری پرۆژەکە بە هۆکاری وێرانبوونی یاریگەکەیان دەزانن.

فارس عەولا، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی رواندز، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یانەکەیان دوور و نزیک ئاگاداری ئەو پرۆژەیە نەبوونەو پرس و راشیان پێنەکراوەو دەڵێت کاتێ یاریگەکە بەکۆتا هاتووە ئەوکات داوایانلێکراوە بچن بۆ ئەوەی یاریگەکەیان وەربگرن، بەڵام بوونی کەموکوڕی لە یاریگەکە وای لەوان کردووە یاریگەکە وەرنەگرن «نەمانویست یاریگەیەک کە 16 ملیار دیناری تێدا سەرفکرابێ بەو هەموو کەموکوڕییەوە وەربگرین».

ئەوکاتەی ناحیەی رواندز و یانەی وەرزشیی شارەکە، ئامادە نابن یاریگەکە بەو کەموکوڕییانەوە وەربگرن، وەزارەتی ئیشغال کە سەرپەرشتی پرۆژەکەی کردووە، راستەوخۆ پێیانیگوتوون «ئەگەر ئێوە ئیستلامی ناکەن ئەوا بەخۆمان ئیستلامی دەکەین».

وەک مامۆستا فارس باسیدەکات، دڵۆپەکردنی پەیژەکانی یاریگەکە لە کاتی بارانبارینداو کۆبوونەوەی ئاوێکی زۆر لە شوێنی یاریکردن و نەبوونی ئاو، کارەبا، پاسەوان، باخەوان و کارگوزار و نەبوونی رێگایەکی باش و چەندین کەموکوڕی دیکە لەو یاریگەیەدا هەبووە، بەڵام ناشیشارێتەوە کە سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کەموکوڕییە، دەکرا سوود لە چیمەنی یاریگەکە وەربگیرێت، ئەو دەڵێت «بەدەنگەوە نەهاتنی ئەوکاتەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی شارەکە یاریگەکەی بەو رۆژە گەیاند، راستە یاریگە کەموکوڕی زۆری هەبوو، بەڵام چیمەنێکی باشی هەبوو، دەمانتوانی سوودی لێوەربگرین، یاریگەکە پێویستی بە کارگوزار، باخەوان، پاسەوان، ئاو و کارەبا هەبوو، ئەوکات بۆ دابینکردنی پێویستییەکان داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی رواندز کرد، بەڵام داواکەیان بەهەند وەرنەگرت و یاریگەکەیان فەرامۆشکرد».

یانەی وەرزشیی رواندز، زیاتر لە 3 جار سەردانی پارێزگاری هەولێریان کردووەو داوایانلێکردووە خەمێک لەو یاریگەیە بخوات، ئەویش لای خۆیەوە بەڵێنی پێداون، بەڵام وەک مامۆستا فارس دەڵێت «یاریگەکە بووە کەلاوەو بەڵێنەکانی پارێزگاریش تەنیا قسە بوون».

ئەو بەرپرسەی یانەی رواندز، ئەوە ناشارێتەوە کە یاریگەکەیان جارێک بووەتە لەوەڕگەی ئاژەڵان و جارێکیش بارەگای پێشمەرگەو ئێستاش پەناگەی ئاوارەکان «ئەو کەسەی چەند ساڵ بوو خۆبەخشانە پاسەوانی لە یاریگەکە دەکرد، ماوەیەک مەڕ و ماڵاتی تێدا بەخێو دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو نەبووایە ئێستا ئەو یاریگەیە شوێنەواریشی نەدەما، ماوەی 2 ساڵیش بارەگای فەرماندەیەکی پێشمەرگەی لێبووەو ئێستاش دوو کەمپی لێدروستکراوە بۆ ئاوارەکانی ئیزدی».

بەرپرسانی یانەی ناوبراو، بیر لەوە دەکەنەوە لە رێگەی سەرمایەدارانەوە ژیانێک بە بەر یاریگەکەیاندا بکەنەوە. مامۆستا فارس دەڵێت «بێئومێد بووین لە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار، کە 9 ساڵە هیچیان بۆ نەکردین، بۆیە لە هەوڵداین لەگەڵ کەسانی سەرمایەدار

### «دوای خەرجکردنی 16 ملیۆن دینار بێئەوەی یەک یاری تێدا ئەنجام بدرێت بوو بە کەلاوە»

### وەرزشوانێک: یاریگەی رواندز خەونی هەموو یاریزانانی شارەکە بوو، بەڵام بەرژەوەندی شەخسی ئەو خەونەی ژێر گڵ خست



رێکبکەوین بۆ ئەوەی بتوانین هیچ نەبێ پەیمانگا یان کولێژێکی وەرزشیی ئەهلی لە شوێنی یاریگەکە دروست بکەین». هەروەها گوتیشی «ساڵی 2011 سەرمایەدارێک پێیگوتین ئەگەر لە رواندز شوێنێکمان بۆ دابین بکەن دەمەوێت لقێکی کولێژی پەروەردەی وەرزشیی ئەهلی لەو شارە بکەمەوە، داوامان لە قائیمقامیەت و شارەوانی کرد، کەچی ئەوەشیان بۆ نەکردین».

وەرزشوانێک پێیوایە یاریگەی نێودەوڵەتی رواندز خەونی تەواوی یاریزانانی ئەو شارە بوو، بەڵام بەرژەوەندی شەخسی، خەونی یاریزانەکانی ژێر گڵ خست و یاریگەکەی کرد بە کەلاوە. هیمداد نەسرەدینی وەرزشوان دەشڵێت «لەبەرئەوەی شوێنی یاریگەکە سروشتێکی جوانی هەیەو نزیکە لە چەند ناوچەیەکی گەشتیاری، بە تەواوبوونی نەک تەنیا سوودی بۆ وەرزشوانانی شارەکە دەبوو، بەڵکو دەبووە شوێنی کەمپی مەشق و راهێنانی زۆر لە یانە گەورەکانی کوردستان و عێراقیش، بەمەش لە رووی ئابووری و داراییەوە سوودی بۆ یانەکەو بۆ شارەکەش دەبوو».

عیسا محەممەد، سەرۆکی شارەوانی رواندز، تۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی ئیشغال و دەڵێت «ئەوەی لەسەر ئێمە بوو تەنیا دیارکردنی شوێن بوو بۆ یاریگەکە، ئەوەی دیکە راستەوخۆ وەزارەتی ئیشغال سەرپەرشتی پرۆژەکەی دەکردو گۆزمەکەش هەر لەسەر ئەوان بوو». هەروەها گوتیشی «ئەگەر یاریگە رادەستی شارەوانی کرابووایە، کرێکار و پێداویستییەکانمان بۆ دابین دەکردو لێ نەدەگەڕاین یاریگەکە بەو رۆژە بگات».

سەرۆکی شارەوانی رواندز، یانەی وەرزشیی شارەکەش بە کەمتەرخەم دەزانێت و دەڵێت «هەرگیز نەدەبوو بەرپرسانی یانەی رواندز، بەهۆی هەندێ کەموکوڕی خۆیان بەدوور بگرن لەو یاریگەیەو پرۆژەیەکی وا گەورە بە بەرچاوی ئەوانەوە ببێت بە کەلاوە، دەبوایە ئەوانیش پشت بەخۆیان ببەستن و ئەوەندە چاویان لە دەستی حکومەت نەبووایە، دەیانتوانی لەگەڵ کەرتی تایبەت رێکبکەون و پێیانبڵێن فەرموو یاریگەکە بۆ ئێوە، سەدا ئەوەندە بۆ ئێمەو سەدا ئەوەندەش بۆ ئێوە، بزانە چۆن یاریگەکە دەبووە یاریگە».



بەهۆی بانگهێشتکردنیان بۆ هەڵبژاردەی عێراق..

# میران و دلێر دڵخۆشن



### میران: زۆر دڵخۆشم کە یەکێکم لەو 28 یاریزانەی بەشایەنی هەڵبژاردەی عێراق زانراوم

**سامان وڵاتزێری**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

رازی شنێشل، راهێنەری هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی بۆ پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی 2018 راگەیاند، کە 28 یاریزان لەخۆدەگرێت و 3 یاریزانی کوردیش بۆ یەکەمجار لەگەڵ هەڵبژاردەکە دەردەکەون، ئەوانیش هەریەک لە بەیار ئەبوبەکر، بەرگریکاری یانەی دهۆک، میران خەسرۆ و دلێر حاتەم یاریزان و گۆڵپارێزی یانەی هەولێرن.

میران خسرۆ، پێش گەڕانەوەی لە ئەبخازیا، کە لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە جامی کۆنیفا کرد بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، زۆر دڵخۆشە بە بانگهێشتکردنی بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق و دەڵێت لە رێگەی ئینتەرنێتەوە زانیوویەتی بانگێشتی هەڵبژاردەکە کراوە. میران ئەوەی راگەیاند، بەباشترین شێوە خۆی ئامادە دەکات و هەموو توانایەکی بۆ مانەوە لە ریزی پاڵەوانی ئاسیای 2007 دەخاتەگەڕ. لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا ناوەڕاستکاری هەولێر گوتی «لەبەرئەوەی یەکەمجارە بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق دەکرێم نازانم یاریکردن بۆ ئەو هەڵبژاردەیە و کوردستان چ جیاوازییەکی هەیە، بەڵام زۆر دڵخۆشم بەوەی کە لەنێو هەموو عێراقدا من یەکێکم لەو 28 یاریزانەی بە شایەنی یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی عێراق زانراون».

دلێر حاتەم، گۆڵپارێزی یانەی هەولێریش، هاوتای میران زۆر دڵخۆشە بەو دەستکەوتەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «هەستێکی هێندە خۆشم هەیە کە بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوم نازانم چۆن دەری ببڕم. هەموو هەوڵێک دەدەم جێگەی خۆم لە هەڵبژاردەکە بکەمەوەو هەموو لایەک دڵنیا دەکەمەوە ئەگەر راهێنەر دەرفەتم پێبدات بۆ هەموو لایەکی دەسەلمێنم کە شایستەی یاریکردنم لەو هەڵبژاردەیە».

دلێر رەخنەی لە بەرپرسان و راهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستان گرت و رووی پرسیاری لەوان کرد «بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بانگهێشتتان نەکردم، کەچی هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشتی کردم؟!». ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «خەونی منداڵیم بووە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم، باشترین ئاستم لەگەڵ یانەی هەندرێن پێشکەشکرد هەر بانگهێشت نەکرام، کەمترین گۆڵم لێکرا هەر بانگهێشت نەکرام، لە تیپی یەکەمی یانەی هەولێر و خولی عێراق یاریم کرد هەر بانگهێشت نەکرام، کە بەڕاستی ئەمە جێگەی پرسیارە لای هەمووان. بەداخەوە راهێنەرانی

### دلێر حاتەم: هەڵبژاردەی کوردستان وەرینەگرتم، کەچی هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشتیکردم

2 هەواڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە..

# جەمیلە و ماردین لە ئێران و جۆرجیا مێژوو تۆمار دەکەن



**رووداوی وەرزشی - سنە**

کچە وەرزشکارێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئاستی ئێران ریکۆردێکی نوێ لە وەرزشی بەرزکردنەوەی دەمبل تۆماردەکات. کوڕە شاخەوانێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەسەر بەرزترین شاخی وڵاتی جۆرجیادا سەردەکەوێت.

جەمیلە محەممەد، کچە وەرزشکاری شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان ریکۆردی لێدانی دەمبلی لە ئاستی ئێراندا تۆمارکرد، کاتێک توانی لە یاری بەرزکردنەوەی دەمبل لە کێبرکێیەکانی سەرانسەری ئێراندا 20 هەزار جار بەرز بکاتەوە.

ئەو کچە یاریزانە کوردە، لە کۆمەڵەی وەرزشیی (یاس)ی تاراندا، توانی لە ماوەی 4 کاژێر و 35 خولەکدا ئەو ریکۆردە تۆمار بکات، کە پێشتر هیچ ئافرەتێکی ئێرانی نەیتوانیوە ئەو ژمارەیە تۆمار بکات.

جەمیلە محەممەد، لەو کێبرکێیانەدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناو خەڵاتی پاڵەوانی ئێرانی وەرگرت.

ماردین پیرزەهیری، کوڕە شاخەوانێکی کوردی هەمان شاری رۆژهەڵاتی کوردستانەو ئەویش توانی مێژوویەک بۆ خۆی و بۆ یاریزانانی کورد لە وڵاتی جۆرجیا تۆمار بکات.

ماردینی شاخەوان، کوڕە گەنجی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەی تیپی هەڵبژاردەی لاوانی شاخەوانی ئێرندا، توانی بەرزترین شاخی وڵاتی جۆرجیا بخاتە ژێر پێی خۆی. کاتێک شاخی (کازبەی)ی بڕی، کە بەرزاییەکەی دەگاتە 5047 مەتر.

ماردین پیرزەهیری، ماوەی 8 ساڵە بە وەرزشیی شاخەوانییەوە سەرقاڵە و ئێستا ئەندامێکی سەرەکیی تیپی شاخەوانانی هەڵبژاردەی لاوانی ئێرانە.






ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com
411



## کارەساتە

هەرچەندە زۆربەی چاودێران و تەنانەت خەڵکی ئاساییش پێیوایە دیێگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی یەکێکە لە باشترین ڕاهێنەرانی ئێستای جیهان، بەڵام هەندێکی دیکەش پێیانوایە ئامارەکان پێچەوانەی ئەو قسەیە دەڵێن، تەنانەت ئەنجامەکانی ئەو ڕاهێنەرە بە کارەسات دەزانن، چونکە وەک ئەوان دەڵێن «سیمیۆنی لە ماوەی دوو وەرزدا 261 ملیۆن یۆرۆی لە کڕینی یاریزاناندا خەرج کردووە، بێئەوەی لەو ماوەیەدا هیچ نازناوێک بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید بباتەوە، ئەمەش کارەساتە».

لە مانگی ڕەمەزاندا..

# چۆن وا لە ژنەکەت دەکەی لێتگەڕێ بەخۆشی سەیری یارییەکانی یۆرۆ بکەی؟!

ئا: ڕووداوی وەرزشی

بە بۆچوونی هاوسەرەکەت دانی 500 هەزار دینار، بۆ بەشداریکردن لەو کەناڵانەی یارییەکانی یۆرۆ دەگوازنەوە، چارەیەکی نموونەیی نییە، بەڵام ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین، هاوسەرەکەت بەپێچەوانەی ئەوە ڕازی بکەی. چۆن باوەڕ بە هاوسەرەکەت دەهێنی، بەوەی یۆرۆ گرنگە و دەبێت سەیری بکەی؟ ئەو 9 ئامۆژگارییە گرنگە پەیڕەو بکەو لە مانگی ڕەمەزاندا بە خۆشی سەیری یارییەکانی یۆرۆ بکە:

### 1 ـ لەگەڵ تۆ لەماڵەوە دەمێنمەوە

هاوسەرەکەت ڕازی بکە تۆ بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان لە ماڵەوە دەمێنیتەوە، هەر لەکاتی گەڕانەوەت لەکار تاوەکو پارشێو (کۆپا ئەمریکاش لەبیر مەکە)، ئەگەر قەناعەتی نەهات، هەڕەشەکەت جێبەجێ بکەو وای لێبکە ببینێت، چۆن لە کاژێر 2:30ی نیوەڕۆوە تاوەکو 3 یان 4ی بەرەبەیان لەماڵ دەچیتە دەرەوە. تەنیا گومانکردنی ئەو، بەشداریکردنت لە پاڵەوانییەتییەکە بۆ مسۆگەر دەکات.

### 2 ـ کچانی یۆرۆ

شتێکی ئاسان و سادەدەیە، ئەو کارتی فشارە بەهێزترەو وێنەی (کچانی یۆرۆ) کە لە پاڵەوانیەتی 2012 هەبوو بقۆزەوە و قەناعەتی پێبێنە. ئەگەر هاوسەرەکەت بەشداری لە یۆرۆ بکات لەگەڵ تۆ سەیری یارییەکان دەکات، وەک ڕێزێکیش بۆ ئەو چاو لە کچە جوانەکانی یۆرۆ و کۆپا دادەگریت. بەڵام ئەگەر ڕازی نەبوو بەشداری بکات، ناچاری لەگەڵ هاوڕێیانی تەمەنت سەیری یارییەکان بکەی، ئەویش ناچار دەبێت چاوەڕێت بکات.

### 3 ـ وایلێبکە هەڵبژاردەیەکی خۆش بووێ

بەدوای بەهێزترین هەڵبژاردە بگەڕێ و وایلێبکە هانی بدات، درێسی ئەو هەڵبژاردەیەی لەگەڵ گوڵ بەدیاری بۆ بێنە، ئەوکات ئەویش بایەخ بە تۆپی پێ دەدات، بەڵام ئاگادار بە ئەگەر هەڵبژاردەکەی دۆڕا، نەکەی توورەی کەی، ئەوە مانای کۆتایی هاتنی بەشداریکردنتە لە یۆرۆیە.

### 4 ـ ڕازی بکە ئەگەر لەماڵەوە بیت بایەخی زیاتری پێدەدەی

بە دڵنیاییەوە بەشداریکردن لە یۆرۆ زۆر لە نرخی چەرەزات کەمترە، بەڵام تۆ پشت بە کڕینی دیاری بۆ هاوسەرەکەت بە پارە ماوەکە بە درێژایی یۆرۆ دەبەستیت، قەناعەتی پێبێنە ئەو بەشداریکردنە باشترین بژاردەیە، چونکە تۆ دیاری بۆ دێنیت و زیاتر بایەخی پێدەدەی و لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەی لەگەڵ دەکەی، بەڵام تکایە لەگەڵ ئەو باسی پێکانی مارکۆ ڕۆیس و دوورکەوتنەوەی لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا مەکە.

### 5 ـ قەناعەتی پێبێنە کە هاوسەری هاوڕێیەکەت هەموو شتێکی بۆ دەکات

ئەو فێڵە بەدرێژایی مێژوو سەرکەوتووترینە، هاوسەری هاوڕێیەکەم لەسەر بەشداریکردنی یۆرۆ ڕازی بووە، ئەویش درێسی ئیتاڵیای بۆ هێناوە، کەچی هاوڕێیەکەم هانی ئەڵمانیا دەدات و ڕۆژانە دیاری بۆ دێنێت، ئەگەر گرەوەکە بباتەوە یان بدۆڕێنێت، ئەوە خاڵێکی هێزی گەورەیە و قەناعەت هێنەرەیشە.

با ئێستا ڕوو لە ئەرکە مەحاڵەکە بکەین.. ئەی چی لەبارەی زنجیرە دراماکان و بەرنامەکانی ڕەمەزان؟

خانمی ماڵەوە هەندێکیان زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕێی زنجیرە دراما و بەرنامەکانی ئەو مانگە دەکەن، ئەی چی بەسەر یۆرۆ دادێت و چی دەبێت بزانێت تۆ بەهۆی کۆپا ئەمریکاوە ناخەویت؟.

### 6 ـ بیرەوەری

شتەکە زۆر ئاسانە و دەتوانی پەڕاوێکی بیرەوەری بکڕی بۆ 30 ڕۆژ، بۆ ئەوەی خشتەی ڕۆژ لەنێوان فەرزەکان، خواپەرستی، زنجیرە درامان و یارییەکان دابەش بکەی، پێی ڕابگەیێنە هەولبدات پشوو وەربگرێت، چونکە زۆر ماندوو بووە، ئەوەش ئەرکی سەیرکردنی بەرنامەکانی لەو کاتەی تۆ لە کاری بۆ ئاسان دەکات. دەبێت تۆش بەشداری لە سەیرکردنی زنجیرە دراماکان بکەی، ئەوە وایلێدەکات هەست بکات هیچ شتێک لەهەمبەری نادات، بێجگە لەوەی هەوڵدە وایلێبکەی کاردانەوەی نەرێنییەکان لەبارەی ئەو زنجیرە درامانەوە ببینێت، بۆ نموونە پرۆسەی شوشتنەوەی مێشک.

### 7 ـ خەزۆرەکەت بەکاربهێنە

کێ دەڵێ باوکی هاوسەرەکەت حەز ناکات سەیری یۆرۆ بکات؟ قەناعەتی پێبێنە بە نزیک کەوتنەوەی خزم و دۆستان و تۆش بانگی باوکی هاوسەرەکەت دەکەی سەیری یارییەکان بکات (لەوانەیە ڕازی نەبێت، چونکە ڕێگەکە دوورە و لەوانەشە تەنیا یاری کۆتایی لەگەڵ تۆ سەیر بکات).

### 8 ـ لە ئامادەکردنی خواردن یارمەتی بدە

یارمەتی بدە لە هەموو شتێکی پەیوەست بە چێشتلێنانەوە، قاپەکانی لەگەڵ بشۆ و ڕازی بکە فێرت بکات، چۆن هەندێ چێشت لێدەنرێت، هاوسەرەکان حەزی دەکەن مێردەکانیان بەشدارییان لەگەڵدا بکەن، بۆیە پێویستە ئەو خاڵە لە بەرژەوەندی خۆت بقۆزیتەوە، بەمەش بەشداریکردنی یۆرۆت بۆ مسۆگەر دەبێت.

### 9 ـ داوای خواردنی بۆ بکە

پێی ڕابگەیێنە زۆربەی ڕۆژەکانی ڕەمەزان لێناگەڕێی چێشت لێبنێت و لە دەرەوە داوای خواردنی بۆ دەکەی، بێگومان پرسیارێکی روون دێتە پێشەوە، ئەوەت لە کوێ بوو و لەبەرچی وەک هاوڕێیەکەم چەرەز ناکڕین؟ وەڵامەکەت دەبێت ئەوە بێت ئەو پارەیەت بۆ دڵخۆشکردنی ئەو لە ڕەمەزان هەڵگرتووە، چونکە تۆ زۆر ماندوو دەبێت، وا باشترە ئەو قسانە بەدەنگێکی هێمن بێت، پاشان پێت دەڵێت «هەموو ئەو شتانە لە پێناوی یۆرۆیە، دەبێت بە توورەیی وەڵام بدەیتەوە ئایا لە پێناوی یۆرۆ تۆم هێناوە؟». بێگومان بەردەوام بیر لە هۆکاری هاوسەرگیریتان دەکاتەوە و یۆرۆی لەبیر دەچێتەوە.



«خەزۆرت دەتوانێت یارمەتیت بدات بەخۆشی سەیری یۆرۆ بکەی»

«چاوەڕێی چی لە ژنەکەت دەکەی ئەگەر بزانێت تۆ بۆ بینینی یارییەکانی کۆپا ئەمریکا ناخەوی»

---

یاسایەکی نوێ بۆ پاراستنی ناوبژیوان..

# سزای جنێودان پەناڵتییە

ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA

یەکێتی تۆپی پێی ئەمریکای باشوور (کۆنمیبۆل)، بڕیاریداوە ناوبژیوانانی پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکای 2016 بپارێزێت، ئەویش بە ڕێگەپێدانیان بە ئەژمارکردنی لێدانی سزا، لەدژی هەر یاریزانێک کە قسەی ناشیرین یان سەرکۆنەکەر، بە هەر یەک لە ئەندامانی تیمی ناوبژیوانی لەکاتی یارییەکان بڵێت.

بە گوێرەی ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، ئەو بڕیارە بە هەنگاوێکی گەورە بۆ نەهێشتنی هەموو دیمەنەکانی ڕێزنەگرتن لە ناوبژیوانی یارییەکان دادەنرێت، بۆیە بڕپرسان پێیانوایە ئەژمارکردنی لێدانی سزا لە کاتی وتنی هەر قسەیەکی ناڕەوا لەلایەن هەر یاریزانێک، باشترین بڕیارە بۆ سنووردانان بۆ ئەو دیاردەیە، کە ناوبژیوانان لەسەر ئاستی جیهان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەو هەموارکردنەوەیە لەنێو نزیکەی 93 هەموارکردنە بەسەر یاساکانی تۆپی پێ، کە فیفا بڕیاری لەسەر داون و یەکێتی تۆپی پێی ئەمریکای باشووریش، بڕیاریداوە پەیڕەوی بکات.

یەکێک لەو هەموارکردنەوانەش ڕێگە بە گۆڕینی یاریزانی چوارەم دەدات، ئەگەر یارییەکە گەیشتە دوو گێمی زیادکراو، بە مەرجێک هەردوو تیپ 3 گۆڕانکارییان کردبێت، لەگەڵ لێدانەوەی گرتەکانی تەلەفزیۆنی، کە مشتومڕ لەسەر گۆڵ و حاڵەتە مشتومڕهێنەکان ناهێڵێت.





---

زۆرترین ڕقی لەدژی هاندەرانی ئینگلیزە..

# داعش بە چەکی کیمیایی لە هاندەرانی ئینگلتەرا دەدات



ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، ڕێکخراوی داعش بەنیازە هاندەرانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لە یۆرۆ بکاتە ئامانج، ئەویش بە بەکارهێنانی کەسانی خۆکوژ و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، ئەو زانیارییەش دوای پشکنینی لاپتۆپی تایبەتی سەلاح عەبدولسەلام، جێبەجێکارێکی تەقینەوەکانی پاریس و بروکسل ئاشکرا بووە.

بە گوێرەی ئەو ڕۆژنامە بەریتانییە، لێکۆڵەران چەند زانیارییەکیان ئاشکرا کردووە، کە چەند وێنەیەکی شاری مارسیلیای تێدا بووە، ئەو شارەی میوانداری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەکات لە یۆرۆ، هەروەها زانیاری لەبارەی شێوازەکانی هێرشی تیرۆریستیشی تێدایە، لە میانی ئەو داتایانەی لەنێو لاپتۆپەکەی سەلاح عەبدولسەلام هەبوونە، لە میانی بەکارهێنانی تەقینەوەی خۆکوژی و تفەنگ و هەتا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیش، کە لەوانەیە بۆ هێرشەکان چەکی کیمیاویش بەکاربهێنن.

داتاکان وێنەی بەندەرێکی کۆنی ئەو شارە فەرەنسییەی تێدایە، کە هاندەرانی ئینگلتەرا لە یارییەکانی هەڵبژاردەکەیان، نەخاسمە بۆ بینینی یاری یەکەمیان لە یۆرۆ بەرامبەر ڕووسیا لەو شوێنە کۆدەبنەوە، لێکۆڵەران پێیانوایە ئەو ناوچەیە بەشێک دەبێت، لە پیلانێکی تیرۆریستی بۆ هێرشکردنە سەر هاندەرانی ئینگلتەرا.

ئەمەو یەکێک لە جێبەجێکارانی هێرشەکانی بروکسل و پاریس، لە مانگی ئاداری ڕابردوو لە بروکسل دەستگیرکرا و دەست بەسەر لاپتۆپەکەشیدا گیرا، لەو کاتەی پاریس کەوتە بەر هێرش و تەقینەوەی تیرۆریستان لە ساڵی ڕابردوودا، کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 کەس، لە میانی زنجیرەیەک هێرشی بەرنامە بۆ داڕێژراو، کە یاریگەی نێودەوڵەتی فەرەنسای کردبووە ئامانج.

---

ڕۆیشتن و مانەوەی ئێنریکی بەدەست مێسییە..

# گواردیۆلا بە بێ مێسی یەکسانە بە هیچ

ڕووداوی وەرزشی ـ DW

هەندێک لە هاندەرانی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی دەڵێن «پیپ گواردیۆلا ناتوانێت بە بێ لیۆنێل مێسی سەرکەوتوو بێت». ڕۆژنامەنووسێکی نزیک لە یانەی بارسیلۆناش دەڵێت «ڕۆیشتن و مانەوەی ئێنریکی بەدەست مێسییە».

هەرچەندە کەس ناتوانێت نکۆلی لە تواناکانی گواردیۆلا بکات، کە خاوەنی چەندین نازناوە لەگەڵ هەردوو یانەی بارسیلۆنا و بایرن میونشن و تەنانەت زۆر گۆڕانکاریشی بەسەر فەلسەفەی تۆپی پێدا هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە هاندەرانی باڤاری لە پیپ ڕازی نین، بەو پێیەی لە ماوەی 3 ساڵدا نەیتوانی نازناوی چامپیۆنسلیگ بۆ یانەکەیان بباتەوە. بۆیە وەک میدیای ئینگلیزی باسیدەکات، زۆر لە چاودێران و هاندەرانی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزیش، کە پیپ ئەرکی ڕاهێنەرایەتییەکەی وەرگرتووە، گەشبین نین بە تواناکانی پیپ و دەڵێن « گواردیۆلا بە بێ مێسی هیچی پێناکرێت». تەنانەت ئەو قسەی گواردیۆلاش زۆر دەیلێنەوە کە گوتبووی «وامزانی مێسی دەکەمە باشترین یاریزانی جیهان، نەمزانی ئەو من دەکاتە باشترین ڕاهێنەری جیهان».

لەلایەکی دیکەوە، جۆسێپ ماریا باتلی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی کەتالۆنی لە وتارێکدا نووسیویەتی «ڕۆیشتن و مانەوەی ئێنریکی لە بارسا بەدەست مێسییە». بە قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسە بێت «ئێنریکی فشاری ئیدارە، ڕاگەیاندن و هاندەران و دەوروبەریشی لەسەرە، بەڵام ڕۆیشتن و مانەوەی ئەو تەنیا یەک کەس بڕیاری لەسەر دەدات، ئەویش لیۆنێل مێسییە».





## سەیرە

پریمەرلیگ ژمارەیەکی پێوانەیی تازەی تۆمارکردو بەپێش خولەکانی دیکەی جیهان کەوت، لە ڕووی ژمارەی ئەو یاریزانانەی بەشداری لە یۆرۆی 2016 دەکەن، کە لە کۆی 552 یاریزانی بەشداربوو لەو پاڵەوانیەتیەدا، 103 یاریزانی پریمەرلیگن، واتە لە 20%ی یاریزانانی یۆرۆ لە پریمەرلیگ یاری دەکەن. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە لە بەهێزترین خولی جیهان، کە خولی لالیگایە، تەنیا 34 یاریزانی بەشداری ئەم پاڵەوانیەتییەی یۆرۆ دەکەن، بەجیاوازییەکی زۆر کەم لەپێش خولی ڕووسیا، کە 32 یاریزانی بەشدارن.

### دوای ڕاهێنەران نۆرەی ئەستێرەکانە..

# پریمەرلیگ گڕ دەگرێت



**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

دوای ئەوەی خولی نایابی ئینگلیزی، باشترین ڕاهێنەرانی جیهانی پێش دەستپێکردنی وەرزلە خولەکە کۆکردەوە، هاوشێوەی پیپ گواردیۆلا (مانچستەر سیتی)، خۆزێ مۆرینیۆ (مانچستەر یونایتد)، یۆرگن کلۆپ (لیڤەرپوول)، کلاودیۆ ڕانییێری (لیستەر سیتی) و ئەنتۆنی کۆنتی (چێلسی)، یانەکانی پریمەرلیگ بۆ قۆناخی داهاتوو پلان بۆ ڕفاندنی ئەستێرەی خولەکانی دیکە و پەلکێشکردنیان، بۆ ورووژێنەرترین خول لە جیهان دادەنێن، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویێکەوە ببێتە خولێکی تەواو.

ئەمانە دیارترین ئەو ئەستێرانەن، کە یانەکانی پریمەرلیگ بەنیازن لە خولەکانی دیکەی بڕفێنن:

**1 ـ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ:**

ئەستێرەی سویدی، کە دوای تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لەم هاوینەدا، بووەتە یاریزانێکی ئازاد، یانەکانی ئینگلتەرا ڕکابەری لەسەر دانوستانکردن لەگەڵی دەکەن، بەڵام مانچستەر یونایتد لە هەموویان نزیکترە پەلکێشی ڕیزەکانی بکات.

**2 ـ پییێر ئۆبامیانگ:**

هێرشبەری گابۆنی ترسناک، باشترین یاریزانی ئەفریقی و هێرشبەری یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی، یانەکانی مانچستەر یونایتد، مانچستەر سیتی و ئارسناڵ ڕکابەری لەسەر دەکەن، پێشبینی دەکرێ بەهاکەی بۆ 60 ملیۆن پاوەند بەرزبێتەوە.

**3 ـ پۆل پۆگبا:**

ئەستێرەی لاوی فەرەنسی و یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، کە یانە گەورەکانی ئەورووپا لەوەتەی وەرزی ڕابردووەوە ڕکابەری لەسەر دەکەن، تاوەکو ئێستاش جێگەی بایەخی مانچستەر یونایتد، مانچستەر سیتی و چێلسییە، پێشبینی دەکرێ بەهاکەی بەگاتە 70 ملیۆن پاوەند.

**4 ـ میشی پاچوا:**

هێرشبەری لاوی بەلجیکی لە ڕیزەکانی یانەی ئۆلۆمپیک مارسیلیای فەرەنسی، گۆڵکاری تیپەکە لە وەرزی ڕابردوودا، یانەکانی تۆتنهام، وێستهام و لیڤەرپوول ڕکابەری لەسەر دەکەن، پێشبینی دەکرێ بەهاکەی بگاتە 35 ملیۆن پاوەند.

**5 ـ ئەلڤارۆ مۆراتا:**

هێرشبەری لاوی ئیسپانی لە ڕیزەکانی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، یۆڤی بەنیازە مۆراتا بگێڕێتەوە یانەی پێشووی ڕیال مەدرید، بە گوێرەی ڕێککەوتنی پێشووی نێوانیان، پاشان بچێتە یەکێک لەو یانانەی دەیانەوێ لە باوەشی بگرن، یانەکانی مانچستەر سیتی، مانچستەر یونایتد و ئارسناڵ ڕکابەری لەسەر دەکەن.

**6 ـ گۆنزالۆ هیگواین:**

هێرشبەری ئەرجەنتینی، کە وەرزێکی ناوازەی لەگەڵ یانەی ناپۆلی ئیتاڵی بەڕێکرد، بووەتە جێگەی بایەخی یانەی لیڤەرپوول، نەخاسمە دوای ئەوەی لێدوانی دابوو، ئارەزوو دەکات لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەر یۆرگن کلۆپ یاری بکات، پێشبینی دەکرێ بەهاکەی بگاتە 50 ملیۆن پاوەند.

**7 ـ ئەلیکسەندەر لاگازێت:**

هێرشبەری ترسناکی یانەی ئۆلۆمپیک لیۆنی فەرەنسی، کە دوو وەرزە لەگەڵ یانە فەرەنسییەکەی دەدرەوشێتەوە، یانەکانی ئارسناڵ و وێستهام دەیانەوێ گرێبەستی لەگەڵ بکەن و پێشبینی دەکرێت بەهاکەی بگاتە زیاتر لە 35 ملیۆن پاوەند.

---

### بەهای بازاڕیی هەڵبژاردەکانی یۆرۆ 5 ترلیۆن یۆرۆیە..

# ئەڵمانیا گرانترین و هەنگاریا هەرزانترینە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

بەپێی ماڵپەڕی ترانسفیر مارکێتی پسپۆر لە بازاڕی گواستنەوەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ، نرخی بازاڕیی سەرجەم هەڵبژاردە بەشداربووەکانی پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای 2016، کە دوای چەند ڕۆژێکی دیکە لە فەرەنسا دەستپێدەکات، زیاتر لە 5 ترلیۆن یۆرۆیە.

ئەو ماڵپەڕە ئاشکرایکردووە، کە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا گرانترینی ئەم پاڵەوانیەتییەیەو نرخی بازاڕیی سەرجەم یاریزانەکانی دەگاتە 562 ملیۆن یۆرۆ. پلەی دووەمیش بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیایە، کە نرخی بازاڕیی سەرجەم یاریزانەکانی دەگاتە 557.5 ملیۆن یۆرۆ. پلەی سێیەم بەر هەڵبژاردەی بەلجیکا دەکەوێت، کە چاودێران پێشبینی دەکەن ببێتە ئەسپە ڕەشەکەی ئەم یۆرۆیەو نرخی بازاڕیی سەرجەم یاریزانەکانی 461 ملیۆن یۆرۆیە.

هەڵبژاردەی فەرەنسای میوانداری پاڵەوانیەتییەکەش بە بەهای 454 ملیۆن یۆرۆ پلەی چوارەمی گرانترین هەڵبژاردە بەشداربووەکانی یۆرۆی گرتووە. لەدوای ئەویش هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بە بەهای 446 ملیۆن یۆرۆ بە پلەی پێنجەم دێت.

دوایین پلەش بەر هەڵبژاردەی هەنگاریا دەکەوێت، کە بەهای بازاڕیی سەرجەم یاریزانەکانی تەنیا 27.3 ملیۆن یۆرۆیە.

---

# ڤاردی هاوشێوەکەی بلۆک دەکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

جیمی ڤاردی، ئەستێرەی یانەی لیستەر سیتی و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، ڕێگەی نەدا هاوشێوەکەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندی پێوە بکات، ئەویش لە ڕێگەی بلۆککردنی لە فەیسبووک، تویتەر و ئینستاگرام، بێجگە لە ئاگاردارکردنەوەی لە قۆستنەوەی ئەو لێکچوونەیان لە هەر شتێک، کە قازانجی هەبێت.

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی باس لەوە دەکات، جیمی ڤاردی ئەژماری لی چاپمان (هاوشێوەکەی) لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بلۆککردووەو نامەیەکی ئاگادارکردنەوەشی بەدەست خەتی خۆی بۆ ناردووە، لە ڕێگەی بریکارەکەی جۆن مۆریسەوە. مۆریس چاپمانی ئاگادار کردووتەوە، یەکچوونی خۆی و ڤاردی لەهیچ شتێک نەقۆزێتەوە، کە قازانجی تێدا بێت، یان زیان بە ڤاردی بگەیێنێت، تاوەکو تووشی لێپرسینەوەی یاسایی نەبێت.

ڤاردی ئەو ڕێوشوێنەی گرتەبەر، لەبەر ئەو ناوبانگەی چاپمان بەدەستیهێناوە، دوای ئەو وێنەیەی لەگەڵ ڤاردی گرتی لە کاتی ئاهەنگگێڕانی بە نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی، لە وێنەکەدا وەک دووانە دەردەکەون.

هاوشێوەکەی ڤاردی دەرفەتێکی کاری بۆ ماوەی 6 مانگ پێدرا، لە پۆستی شاهانە بۆ کارکردن لەسەر لاساییکردنەوەی ڤاردی، بێجگە لە ناوبانگی پەیداکردن لەنێو یانە شەوانەکان و باڕەکاندا، چەندین دەرفەتی کارکردنیشی خراوەتە پێش، بۆ ئەوەی لاسایی ڤاردی بکاتەوە.



---

### بەشداری لە ئاهەنگی بردنەوەی نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیادا نەکرد..

# یاریزانە داعشەکەی هەڵبژاردەی مەغریب کوژرا



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

هەندێ دەزگای ڕاگەیاندنی مەغریبی، هەواڵی کوشتنی محەممەد حاتەم ئەولوەهابی، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی مەغریب بۆ تۆپی پێی نێو هۆڵەکان (فوتساڵ) لە سووریا دووپات کردەوە، کە سەر بە ڕێکخراوی داعش بوو، بۆ ئەمەش پشتیان بە چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە خێزانی ئەو یاریزانە لە زێدی خۆی، لە شاری تەتوان لە باکووری مەغریب بەستووە.


سەرچاوەکان باس لەوەش دەکەن، ئەلوەهابی کە بە (حەلاوە) ناسراو بوو لە شاری حەلەب کوژراوە، لە کاتی هێرشی گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن بەناوی (ڕابوونەکانی ڕیدە) بۆ سەر هێزەکانی داعش. ئەمەو ئەلوەهابی لەگەڵ هەڵبژاردەی فوتسالی مەغریب، گەیشتبووە مۆندیالی تایلەند لە ساڵی 2012، کە ئەوکات مەغریب لە قۆناخی یەکەم ماڵئاوایی کرد، ئەو یاریزانە لە شاری تەتوان خاوەن جەماوەرێکی فراوان بوو. بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و درکاندن لەلای هیچ ئەندامێکی خێزانەکەی لە تەتوان، بە هاوسەر و دایک و باوکیشی، محەممەد چەند مانێگ پێش ئێستا بڕیار دەدات، بە نهێنی سەفەر بکات بۆ تورکیا و لەوێشەوە دەچێتە ڕیزەکانی داعش، بۆ ئەوەی لە سووریا و عێراق لە ڕیزەکانی بجەنگێت.

ئەلوەهابی دوای پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانی داعش، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەندامانی خێزانەکەی دەکات و هەواڵەکەیان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، کە بۆ ئەوان سوپرایز بوو، بەڵام لەوە دەترسان گوێیان لە هەواڵی مردنی بێت لەهەر کاتێکدا، کە هەر ئەوەش دوای ماوەیەکی کەم ڕوویدا.

لە پارادۆکسییەکی سەیردا، ئەو یاریزانەی پێشووی هەڵبژاردەی مەغریب، هەرچەندە ئاستی باشبوو، بەڵام نەیتوانی بەشداری لە بردنەوە و ئاهەنگی بەدەستهێنانی نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بکات لە یاری فوتساڵدا، کە لە مانگی نیسانی ڕابردوو لە باشووری ئەفریقیا بەدەستیهێنا.



1000 پاوند



محەممەد عەلی کلای، ساڵی 1960 توانی بۆ یەکەمجار ملوانکەی زێڕ لە کێشی سووک بباتەوە. ساڵی 1965 موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندو ناوی خۆی لە کاسیۆس مارسیلۆسەوە گۆڕی بۆ محەممەد عەلی. تاکە بۆکسێنەرە لە مێژوودا 3 جار نازناوی پاڵەوانی جیهان بباتەوە. لە کۆی 56 یارییدا، 51 یاری بردووەتەوە، کە 37 سەرکەوتنی بە لێدانی کوشندە بووە، 5 یاریش دۆڕاوە. خێرایی بۆکسی 900 کیلۆمەتر بوو لە کاژێرێکدا، هەروەها هێزەکەیشی هەزار پاوند بوو.

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆپا ئەمریکا | کۆلۆمبیا | پاراگوای | چوارشەممە 8/06/2016 | AM 05:30 |
| کۆپا ئەمریکا | بەرازیل | هایتی | پێنجشەممە 9/06/2016 | AM 02:30 |
| یۆرۆی 2016 | فەرەنسا | ڕۆمانیا | هەینی 10/6/2016 | 10:00 |
| کۆپا ئەمریکا | ئەرجەنتین | پەنەما | شەممە 11/06/2016 | AM 04:30 |
| یۆرۆی 2016 | ئینگلتەرا | ڕووسیا | شەممە 11/6/2016 | 10:00 |
| یۆرۆی 2016 | ئەڵمانیا | ئۆکرانیا | یەکشەممە 12/6/2016 | 10:00 |
| کۆپا ئەمریکا | بەرازیل | پیرۆ | دووشەممە 13/06/2016 | AM 03:30 |
| یۆرۆی 2016 | بەلجیکا | ئیتاڵیا | دووشەممە 13/6/2016 | 10:00 |

محەمەد عەلی کلای..

# ئەو پیاوەی بە 2 شێوە ئەفسانە بوو

ئا: ئیحسان تاهیر

چیرۆکی داستان ئامێز کە بەسەر زۆر کەس نایەت، پاڵەوانەکەی پیاوێکە چۆکی بە مەحاڵ و هەموو بەربەستەکان داداوە، بووەتە سرووش بەخشی چینێکی گەورەی خەڵکی لە سەرتاسەری جیهان، ئەویش ئەفسانەیەکە کە دووبارە نابێتەوە، بۆکسێنەری ئەمریکی موسڵمان، محەممەد عەلی کلایە، کە ڕۆژی 2016/6/4 لە تەمەنی 74 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

### ئەفسانە

بێجگە لەوەی کلای لە جیهانی وەرزشدا بەهۆی توانا و دەستکەوتەکانی لە یاری بۆکسێندا بە یەکێک لە ئەفسانەکانی مێژوو دادەنرێت، بەشێوەیەکی دیکەش وەک ئەفسانەیەکی گەورە ناوی خۆی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا تۆمارکرد، چونکە هەموو ژیان و ناوبانگ و سەروەت و دەستکەوتەکانی خۆی لەپێناو بەگژداچوونەوەی ڕەگەزپەرستی و نادادپەروەری تەرخان کرد. ئەو بە لێدوان و بە هەڵوێستە کردەنییەکانی بووە ئیلهامبەخشی مرۆڤە چەوساوەکانی ئەمریکا و جیهان بۆ بەگژداچوونەوەی ڕەگەزپەرستی و نادادپەروەری.

### ملوانکەی زێڕ فڕیدەداتە نێو ڕووبار

زۆر شت وا لە مرۆڤ دەکەن بەهێزتر بێت، محەممەد عەلی کلای، کە ڕۆژی 1942/1/17 لە شاری لویفیل لە ویلایەتی کنتاکی لەدایکبووە، بە منداڵی تووشی تاسان هاتبوو، دوای ئەوەی ڕای ڕۆبنسۆن ڕازی نەبوو واژووی بۆ بکات، بڕیاریدا ببێتە ئەستێرەیەکی گەورە، بۆ ئەوەی لە خەڵکی نزیک بێت و واژوو بۆ هەموو کەسێک بکات بیەوێ، دواتر بە کردەوە بەهۆی هەوڵدان و مەشقی بەردەوام بەهەموو شێوازێک گەیشتە ئامانجی خۆی، هەندێجار لە یانە مەشقی دەکرد و هەندێجاریش بە پایسکل پێشبڕکێی لەگەڵ پاس دەکرد، دوای چوونی بۆ نێو جیهانی بۆکسێن ساڵی 1960 توانی ملوانکەی زێڕ لە کێشی سووک بباتەوە، بەڵام دواتر فڕێی دایە نێو ڕووباری ئۆهایۆ، لەبەر ئەوەی چێشتخانەیەک لەبەر ڕەنگی پێستی ڕازی نەبوو خواردنی پێشکەش بکات.

### لەسەر ڤێتنام سزادرا

جەنگ بەردەوام وا لە خەڵکی دەکات نیگەران بن، هەندێکیان پێیانوایە بەرگریکردنە لە نەتەوەیەک، بەڵام کلای ڕازی نەبوو بەشداری تێدا بکات، دوای ئەوەی لە جەنگیی ڤێتنام ڕازی نەبووە بچێتە نێو ڕیزەکانی سوپا، ئەوکات لێدوانێکی دا جیهانی هەژاند و بووە قسەی سەر زاری خەڵکی لە سەر شەقامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن «داوام لێدەکەن بچمە شوێنێکی دوور، بۆ ئەوەی تەقە لە گەلی ڤێتنام بکەم، ئێمەش لێرە خاوەن پێستە ڕەشەکان وەک سەگ مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن و سادەترین مافمان نییە، ئەگەر جەنگ ئازادی دەبەخشێتە 22 ملیۆن کەس لە کەس و کاری من، بەیانی بەشداری دەکەم.. ئەگەر بەندیش بکرێم، چ شتێکی تازەی تێدایە ئێمە 400 ساڵە بەو شێوەیەین». بەهۆی موکڕبوونی لەسەر نەچوونە جەنگ، ساڵی 1967 نازناوەکەی لێسەندرایەوە.


### دەستپێکردنەوەیەکی نوێ

ساڵی 1970 دەستی بە بۆکسێن کردەوە و ساڵی 1971 بەرامبەر جۆ فرێزەر یاری کرد، لەسەر پانکی مەدیسۆن، ئەوکات بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەدە ناونرا، بەڵام کلای یارییەکەی دۆڕاند، ساڵی 1973 کلای لە کین نۆرتنی بردەوە لە بەهێزترین یاری کێشی قورس و دووبارە بەرەو شکۆمەندی هەنگاوی نایەوە، جارێکی دیکە ڕووبەڕووی فرێزەر بوویەوە و ئەمجارە لێی بردەوە، ساڵەکان سەلماندی کلای ئامادەیە چۆک بە مەحاڵ دابدات، کاتێک لە فۆرمانی بردەوە، هەرچەندە هەموو فۆرمانیان بژاردبوو بیباتەوە، بەڵام تەکتیکی ناوازەی کلای هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە.

### ئیسلامبوونی کلای

ڕۆژی 7ی شوبات مێژوویەکی گرنگە لە ژیانی ئەودا، چونکە لەو ڕۆژەدا کاسیۆس مارسیلۆس کلای ئیسلام بوو و ناوی خۆی بۆ محەممەد عەلی گۆڕی، دوای بردنەوەی لە بۆکسێنەر سۆنی لیستۆن و لادانی لەسەر تەختی بۆکسێن، ئەوکات هێشتا تەمەنی لە 22 ساڵی ڕەتی نەدابوو.

کلای ڕۆژێک لە ڕۆژان پشتی لە ئیسلام نەکردووە و بەردەوام داکۆکی لێکردووە، بۆیە کاتێک دۆناڵد ترامپ کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا لێدوانێکی دژ بە موسڵمانانی دا، دوای ئەوەی پێشنیازی کرد ڕێگەیان پێنەدرێت بچنە ناو ئەمریکا، کلای لە چەند لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانی بێئەوەی ناوی ترامپ بهێنێت وەڵامی دایەوەو گوتی «بە درێژایی ژیانم بایەخم بە سیاسەت نەداوە، وابزانم سەرکردە سیاسییەکانمان دەبێت دەسەڵاتی خۆیان بەشێوەیەک بقۆزنەوە، کە یارمەتی تێگەیشتن لە ئایینی ئیسلام بدات، ڕوونکردنەوەی ئەوانەی لەسەر ڕێگەی هەڵە دەڕۆن، بە هەڵە لە ڕاستی ئیسلام گەیشتوون، من پیاوێکی موسڵمانم، هیچ دەقێک لە ئایینەکەم نییە داوام لێبکات کەسانی سڤیل بکوژم لە هەر شوێنێکی جیهان بێت».




## کۆپا ئەمریکا 2016

| | |
|---|---|
| | 2016/06/8 چوارشەممە |
| ئەمریکا - کۆستاریکا | AM 03:00 |
| کۆلۆمبیا - پاراگوای | AM 05:30 |
| | 2016/06/9 پێنجشەممە |
| بەرازیل - هایتی | AM 02:30 |
| ئیکوادۆر - پیرۆ | AM 05:00 |
| | 2016/06/10 هەینی |
| ئۆرۆگوای - ڤەنزویلا | AM 02:30 |
| مەکسیک - جامایکا | AM 05:00 |
| | 2016/06/11 شەممە |
| چیلی - بۆلیڤیا | AM 02:00 |
| ئەرجەنتین - پەنەما | AM 04:30 |
| | 2016/06/12 یەکشەممە |
| ئەمریکا - پاراگوای | AM 02:00 |
| کۆلۆمبیا - کۆستاریکا | AM 04:00 |
| | 2016/06/13 دووشەممە |
| ئیکوادۆر - هایتی | AM 01:30 |
| بەرازیل - پیرۆ | AM 03:30 |
| | 2016/06/14 سێشەممە |
| مەکسیک - ڤەنزویلا | AM 03:00 |
| ئۆرۆگوای - جامایکا | AM 05:00 |
| | 2016/06/15 چوارشەممە |
| چیلی - پەنەما | AM 03:00 |
| ئەرجەنتین - بۆلیڤیا | AM 05:00 |

کلای بۆچی سەردانی دیکتاتۆری عێراقی کرد؟

# تاکە پیاوی جیهان کە سەدام گوێڕایەڵی بوو



ئا: هەڵۆ کاکەوەیس

دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوەو بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی هاوپەیمانان و عێراق لە ساڵی 1990

ژمارەیەک هاوڵاتی ئەمریکی لە عێراق دەستبەسەرکران، ئەوکات هیچ ئومێدێک نەمابوو بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئەمریکییانەی وەک بارمتە لای عێراق مابوونەوە، محەممەد عەلی کلای پاڵەوانی بۆکسێنی بەناوبانگ گەشتێکی بۆ عێراق ئەنجامداو لەگەڵ سەدام حوسێنی سەرۆککۆماری ئەوسای عێراق بۆ ڕزگارکردنی ئەو بارمتە ئەمریکییانە کۆبووەوە.

نزیکترین کەسەکان و سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هۆشدارییان بە محەممەد عەلی دا لە بێ ئەنجامی هەوڵەکەی بۆ سەردانیکردنی عێراق و قسەکردن لەگەڵ سەدام، چونکە بە بڕوای ئەوان ڕازیکردنی سەدام حوسێن کارێکی ئەستەم بوو بۆ ئەوکات، بەڵام محەممەد عەلی کلای سووربوو لەسەر گەشتەکەی و بە بێ ئەنجامیش نەگەڕایەوە.

محەممەد عەلی کلای، زیاتر لە 6 هەفتە لە عێراق مایەوە، ئەوسا گەڕایەوە ئەمریکا، ئەو بە دەستبەتاڵی نەگەڕایەوەو لەگەڵ خۆیدا 14 بارمتەی ئەمریکی لە سەدام وەرگرتەوە، کە ئەوکات سەدام گوتی «ڕێگە نادەم حاجی محەممەد عەلی بگەڕێتەوە ئەمریکا بێئەوەی هەندێک لە ئەمریکییەکان لەگەڵ خۆیدا نەباتەوە».

لە یەکێک لە گرتە ڤیدیۆییەکاندا دەردەکەوێت، کلای بەڵێن بە سەدام دەدات کە لەو پەرتووکەی بەنیازە چاپی بکات، باسی ڕۆڵی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بکات.

## یۆرۆی 2016




| | |
|---|---|
| | 2016/06/10 هەینی |
| فەرەنسا - ڕۆمانیا | 10:00 |
| | 2016/06/11 شەممە |
| ئەلبانیا - سویسرا | 04:00 |
| وێڵز - سلۆڤاکیا | 07:00 |
| ئینگلتەرا - ڕووسیا | 10:00 |
| | 2016/06/12 یەکشەممە |
| تورکیا - کرواتیا | 04:00 |
| پۆڵەندا - ئێرلەندای باکوور | 07:00 |
| ئەڵمانیا - ئۆکرانیا | 10:00 |
| | 2016/06/13 دووشەممە |
| ئیسپانیا - چیک | 04:00 |
| ئێرلەندا - سوید | 07:00 |
| بەلجیکا - ئیتاڵیا | 10:00 |

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (403) سێشەممە 2016/6/7



## زۆر خراپە

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، هەندێ لە هاندەرانی ئەو یانەیە زۆر لە دییگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری یانەکەیان توورەن، لەبەرئەوەی لە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگدا یان تۆبلاکی گۆڵپارێزی لەدوا خولەکەکاندا نەگۆڕیوە، کە سەرەڕای ئەوەی گۆڵپارێزێکی باشە، بەوە ناسراوە کە بۆ لێدانەکانی سزا زۆر خراپەو ژمارەکانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، چونکە لە کۆی 22 پەناڵتی کە لەدژی ئەو جێبەجێکراون، تەنیا یەکێکی گەڕاندووەتەوە، یەکێکیش بەر ستوونی گۆڵ کەوتووەو دووانیشیان چوونەتە دەرەوە.



ڕێبوار محەممەد

## کۆپای مێسی و یۆرۆی ڕۆناڵدۆ و ئۆڵمپیادی نەیمار

لەوانەیە ئەم هاوینە یەکێک لە خۆشترین هاوینەکانی ئەوانەبێت کە هەواداری وەرزشین، چونکە لە ماوەی دوو مانگدا کۆپا ئەمێریکا و سیحری ئەمریکای لاتین، یۆرۆ و ڕکابەریی هەڵبژاردە بەهێزەکان، دوای ئەویش هەموو وەرزشەکان لە ئۆڵمپیاددا دەبینن. (ئەمە بێگومان ئەگەر کارەبای هەمیشە نەخۆشی باشووری کوردستان لێبگەڕێت).

ئێمەی بینەر چاومان لەسەر سیحری تۆپی پێی ئەمریکای باشوورەوە دەگوازینەوە بۆ تەکتیک و پلانی ئەورووپییەکان و لە ماوەی مانگێکدا هەردوو فێرگە جیاوازەکەی تۆپی پێ دەبینین.

هێشتا دیمەنەکانی ئەو دوو پاڵەوانیەتییە لە مێشکماندا ماوەتەوە کاتێک ئۆڵمپیادی ڕیۆ بە هەموو وەرزشەکانییەوە دەستپێدەکات، ئیدی ئەوکات نەک تۆپی پێ بەتەنیا، بەڵکو بالە و تیروکەوان و ڕاکردن و مەلەوانی و شمشێربازی و چەندین وەرزشی دیکە دەبینین.

لە کۆپا ئەمێریکا کە دەستپێکردووە هەموو سەرنجەکان لەسەر ئەوە پوخت دەبنەوە مێسی لەگەڵ تانگۆدا چیدەکات؟

ئەگەرچی مێسی بۆخۆی هەمیشە جێگەی سەرنج و مشتومڕە، بەڵام ئەمجارە لە هەموو کات زیاتر ئەوەی لە چواردەورە، چونکە ئیدی ئەرجەنتینییەکان چاوەڕێن ئەو ئەستێرەیە گەرچی پاڵەوانیەتییەکە فەرمیش نەبێت، بەڵام بۆ جارێک، جامێک بەدرێسی هەڵبژاردەکەیانەوە بەرز بکاتەوە. کەواتە دەکرێ ئەم کۆپایە ناوبنێین کۆپای مێسی، ئەمە هەلێکی باشە بۆ مێسی تا پێشانی بدات ئەویش بۆ ئەرجەنتینییەکان هیچی لە مارادۆنا کەمتر نییە کە لەم ڕۆژانەدا کتێبێکی تایبەت بە یادەوەرییەکانی خۆی لە کاتی بردنەوەی نازناوی مۆندیالی 1986 خستە بازاڕەوە.

لە یۆرۆدا کە هەینی داهاتوو دەستپێدەکات، گەرچی چەندین هەڵبژاردەی بەهێز دەبینین، بەڵام چوار هەڵبژاردە زۆر جێگەی سەرنج دەبن، فەرەنسییەکان کە خۆیان خانەخوێن و پێکهاتەیەکی پتەویان هەیە و پرۆڤەی باشیشیان بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕکابەرەکانیاندا کردووە، لەگەڵ ئینگلیزەکان کە دەگوترێ خاوەنی یەکێک لە بەهێزترین پێکهاتەکانی مێژووی خۆیانن، ئەمە جیا لە ئیسپانییەکانی هەڵگری نازناوەکە و ئەڵمانییەکان کە خەونیان ئەوەیە هاوتای ئیسپانییەکان نازناوی یۆرۆش بخەنە پاڵ مۆندیال.

لە دەرەوەی ئەو هەڵبژاردانە پێموایە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و دەرکەوتنی لەگەڵ هەڵبژاردەی پۆرتوگالدا سەرنجێکی زۆر بۆخۆی دەبات، دەکرێ یۆرۆی ئەمجارە یۆرۆی ڕۆناڵدۆ بێت.

با لەوە بگەڕێم کە ڕۆناڵدۆ دەتوانێ لە ڕێگەی یۆرۆوە هەنگاوێکی گەورە لە باڵۆن دۆر نزیک ببێتەوە، بەڵام ئەو یاریزانەش هاوتای مێسی لەسەریەتی شوێن پەنجەیەک بۆ هەڵبژاردەکەی بەجێبهێڵێت کە دەمێکە هاونیشتمانییەکانی چاوەڕێی دەکەن، خۆیشی لەوە گەیشتووە، بۆیە دەڵێ دەمانەوێ پۆرتوگالییەکان بە نازناوی یۆرۆ دڵخۆش بکەین (هەرچەندە بەبڕوای من ئەوە ئەستەمە).

لە ئۆڵمپیادیشدا سەرنجەکان دەچنە سەر نەیمار، ئەویش بەهەمان شێوە لە بارسێلۆنا هەموو شتی کردووە، چەندین نازناوی بەدەستهێناوە، بەڵام لە بەرازیل تەنیا کارتی سوور دەچنێتەوە.

نەیمار کە ئێستا لە ئەمریکا تاوێک هانی هاوڕێکانی دەدات لە کۆپا ئەمێریکا و تاوێک دەچێت بۆ بینینی خولی باسکەی ئەمریکا، لە مانگی هەشتدا یەکێک لە گەورەترین ڕووداوەکان چاوەڕێی دەکات کە ئۆڵمپیادە.

هەمووان دەزانن نەیمار لەبەر ئۆڵمپیاد لە کۆپا نییە، ئەوەش دەزانن کە بەرازیل زۆر تینووی میدالیای زێڕی ئۆڵمپیادە و بەدەستی نەهێناوە، کەواتە دەکرێ ئۆڵمپیاد هی نەیمار بێت، بەو مەرجەی میدالیاکە بباتەوە.



ئێستا سەرقاڵی فێربوونی زمانی کەتالۆنییە..

## 7 راکیتیچ زمان دەزانێت

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

ڕۆژنامەکانی هەرێمی کەتالۆنیا باس لە بلیمەتی ئیڤان راکیتیچی یاریزانی کرواتی یانەی بارسێلۆنا دەکەن لە رووی زمانزانییەوەو دەڵێن «راکیتیچ بێجگە لەوەی لە ناوەڕاستی یاریگەدا یاریزانێکی زۆر بەتوانایە، لە رووی زمانزانیشەوە کەسێکی بلیمەتە».

ڕۆژنامەی ویلۆبای کەتالۆنی ئاشکرایکردووە، ئەو یاریزانەی بە زیاتر لە زمانێک لە ژووری جلگۆڕینی یاریزانانی یانەی بارسێلۆنا قسە دەکات، یاریزانی کرواتی، ئیڤان راکیتیچە. کە بە 7 زمان قسە دەکات.

بە گوێرەی ئەو ڕۆژنامە کەتالۆنییە، ئەو ئەستێرە کرواتییە زمانی ئینگلیزی زۆر بە باشی دەزانێت و لە یانەی بازلی سویسری فێری ئەو زمانە بووە، هەروەها زمانەکانی سڕبی و کرواتی دەزانێت، چونکە باوکی کرواتییەو دایکیشی سڕبییە. بێجگە لەوەی توانای قسەکردنی بە هەردوو زمانی ئیتاڵی و فەرەنسیش هەیە، چونکە بە منداڵی لە سویسرا ژیاوە و لەوێ فێریان بووە.

بە قسەی ڕۆژنامەی ویلۆبای بێت، راکیتیچ زمانی ئەڵمانیش دەزانێت کە لە ماوەی یاریکردنی لە یانەی شاڵکە فێری بووە، زمانی ئیسپانیش لە ماوەی یاریکردنی لە یانەی سڤیلیا فێری بووەو دەشڵێت «بێگومان لەگەڵ بارسێلۆنا فێری زمانی کەتالۆنیش دەبێت».

پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**هەردی دلێر لە سەید سادق**

بە لێدوانی:

**( چەندە تینوی ئاوە، هێندەش تینوی نازناوە )**

---

ڕووداو وەرزشی

LOTTO 5

## چل و نۆ یەمین پێشبڕکێ

ژمارە (403) سێشەممە 2016/6/7

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە